**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان - عێراق**

پشت بەو یاسایەی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان– عیراق داینـاوەو بـەپێی حـوكمی مـادە دە/یەكەم لە یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٠٥، یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردســـــــتان– عیراق، ئەم یاسایەمان دەرچواند:

# یاسای ژمارە( ٨ )ی ساڵی / ٢٠٠٦
# یاسای وەزارەتی كاروباری
# شەهیدان و ئەنفالكراوانی هەرێمی كوردستان ـ عیراق

**ماددەی یەكەم**:

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە، ماناكانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستەكانی ئەم یاسایە:ـ

**یەكەم :هەرێم**: هەرێمی كوردستان ـ عیراق.

**دووەم :وەزارەت**: وەزارەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوانی هەرێم.

**سێیەم :وەزیر**: وەزیری كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوانی هەرێم.

**چوارەم :بریكاری وەزارەت**: بریكاری وەزارەتی كاروبـاری شـەهیدان و ئـەنفالكراوانی هەرێم.

**پێنجەم: ئەنجومەن**: ئەنجومەنی راوێژكاری وەزارەتەكە.

**ماددەی دووەم**:

وەزارەت، هێنانەدی ئەم ئەرك وفەرمان وئامانجانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:ـ

**یەكەم**: فەراهەمكردنی چاودێریی ماددی ومەعنەویی كەسوكاری شەهیدان و ئەنفالكراوان وبێ سەروشوێنان تابتوانن بە ئازادی و سەربەرزانە بژین.

**دووەم**: زیندوو راگرتنی بۆنە تایبەتیەكان بە یاد كردنەوەی سەركەشی و نەمریی شەهیدان و ئـەنفالكراوان وكـاركردن بـۆ ناسـاندنی ئـەم تاوانانـە لەسـەر ئاسـتی نێوخـۆیی ونێودەوڵەتی.

ئـــــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

**سێ یەم:** پێشناز كردن و هەموار كردنی یاساو، هەواڵە كردنی بۆ ئەنجومـەنی وەزیـران، بـۆ وەدیهێنانی ئەرك وفرمان وئامانجەكانی وەزارەت.

**چوارەم:** دانانی سیاسەتی گشتی بۆ گەشەپێدان (تنمیه) و وەبەرهێنانی دەرامەتی (موارد) وەزارەتەكەو،لە چوارچێوەی پابەندی یە نەتەوەیی و نیشتمانی و ئامانجـە كۆمەڵایـەتی وئابوورییەكانی خۆیدا ،پاشان جێبەجێكردنی ئەو سیاسەتە بە پێی یاسا بەركارەكان.

**پێنجەم:** كاركردن لــە گــەڵ لایەنـە پێوەندیـدارەكان،بۆ گرنگیـدان بـە بـاری پـەروەردەیی وفێركاری و رۆشـنبیری و كۆمەڵایـەتی وتەندروسـتی و ئـابووری و ئاوەدانكـاریی خـاوخێزانی شـەهید و ئـەنفالكراوەكان و، دانـانی بەرنامـەش بـۆ بـەرەو چـاكتر گۆڕینیان.

**شەشەم:** كۆشش،بۆ راستكردنەوەی واقیعی ژیانی ئەوانەی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە،لە رێگـای هاوكاری و هەماهەنگی وەزارەتەوە لــە گــەڵ پـارەدەرانی (مـولین) نێودەوڵـەتی و نێوخۆیی ورێكخراوە حكومی و ناحكومیەكاندا، بەپێی یاسا بەركارەكان.

**حەوتەم:** دیكۆمێنتكردنی (توثیق) هـەر شـتێ پێوەنـدیی بـە شـەهیدان وقوربانیـانی چـەكی كیمیایی یەوە هەیە، بۆ داواكردنی قەرەبووی خێزانەكانیان، لە حكومەتی فیـدراڵی و لەو لایەنانەش كە ئەو چەكانەیان بە عیراق داوە.

**هەشتەم:** كاركردن،بە هەماهەنگی لەگەڵ حكومەتی عیراقی فیدراڵ و رێكخراوە نێودەوڵەتییە حكومی و ناحكومیەكاندا، بۆ ئەوەی پلاندانەران و بەجێهێنەرانی ئەو جینوسـایدەی دەرهەق بە گەلی ئێمەیان كرد، بدرێنە دادگا پێوەندیدارەكان و،سزا بدرین.

**نۆیەم:** هاوكاری لەگەڵ لایەنە پێوەندیدارەكان، بۆ دەسەبەركردنی نیشتەجێ یەك(سكن) بـۆ خاوخێزانی شەهیدو ئەنفالكراوو قوربانیانی چەكی كیمیایی.

**دەیەم:** گەران بە دوای چارەنووسـی ئـەنفالكراوەكان و دۆزینـەوەی گـۆڕە بـە كۆمەڵـەكان وگێڕانەوەیان بۆ زێدی خۆیان.

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

# پێكهاتەكانی وەزارەتەكە

**ماددەی سێیەم:**

**یەكەم:**

**وەزیـــــر:** ســــەرۆكی باڵاو،بەرپرســــی ئــــیش وكــــارو ئاراســـتەكاری سیاســـەتی وەزارەتەكەیەو،سەرپەرشتی وریقابەی دەكا،وبۆی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەكانی بە بریكاری وەزارەت،بەڕێوەبەرە گشتییەكان،یان بەوكەسەی لە وەزارەتدا بەشـیاوی دەزانێ، بسپێرێت، هـەموو ئـەو بڕیـارو فـەرمان ڕێنماییانـەی كـە پێوەنـدییان بـە ئەركوفرمان وپێكهاتەو دەسەڵات و،كاروباری دیكەی هونەری ودارایی وئیـداری وڕێكخستنی وەزارەتەكەوە هەبێ،بەپێی حوكمـەكانی ئـەم یاسـایە، لـە وەزیـرەوە دەردەچن و، خۆی سەرپەرشتیی جێبەجێكردنیان دەكا،وەزیر بەرپرسیشە بەرامبەر بە ئەنجومەنی وەزیران،چونكە ئەندامێكی هاوكاری ئەنجومەنەكەیە.

**دووەم:**

**بریكاری وەزارەت:** لە چوارچێوەی سەڵاحییاتدا،كە وەزیر پێی دەسپێرێ یاریـدەی وەزیـر دەدات لــە ئاراســتەكردن وسەرپەشــتكردنی كاروبــاری وەزارەتەكەدا،مەرجیــشە بڕوانامەی زانكۆیی تایبەت بەم ئیشەوەی هەبێت.

**سێیەم:**

**نووســـینگەی وەزیـــر:** فرمانبــەرێ، بەپلــەی بەڕێوەبــەر ســـەرۆكایەتیی دەكاو،بــەڕێوەی دەبا،بڕوانامەیەكی بەرایی زانكۆیی هەبێ،ژمارە یەك فرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

**چوارەم:**

**نووسینگەی بریكاری وەزارەت:** فرمانبەرێ، بەپلەی بەڕێوەبەر سەرۆكایەتیی دەكاو،بەڕێوەی دەبا،بڕوانامەیەكی بەرایی زانكۆیی هەبێ،ژمارە یەك فرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

**پێنجەم:**

**ڕاوێژكاران:** لـە چواركەس زیاتر نـابن،دەبێ بڕوانامەیـەكی بـەرایی زانكۆیـان هـەبێ و،خـاوەن ئەزموون وكەردەش بن.

**شەشەم:**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتیی كاروباری ئیداری ودارایی:** فرمانبەرێ سەرۆكایەتیی دەكاو،بڕوانامەیەكی بەرایی زانكۆیی هەبێ و،خاوەن ئەزموون و پسپۆڕیش بێ.ئەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوەش

ئــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــوردستان
www.mojkurdistan.com

وابەستی دەبن:ـ

أ– بەڕێوەبەرايەتيی ئيدارەو زاتييە.

ب– بەڕێوەبەرايەتيی ژمێرياری.

ج– بەڕێوەبەرايەتيی لێوردبوونەوەو ريقابەی ناوخۆ.

د– بەڕێوەبەرايەتيی ئامارو لێكۆڵينەوە.

هـ– بەڕێوەبەرايەتيی پلان دانان وبەدواداچوون.

و– بەڕێوەبەرايەتيی كاروباری ياسايی.

**حەوتەم:**

بەڕێوەبەرايەتی گشتيی خزمـەتگوزاريی كـەس وكـاری شـەهيدان وئـەنفالكراوان:فرمانبـەرێ سەرۆكايەتيی دەكا،بڕوانامەيەكی بەرايـــی زانكـــۆيی هـەبێ،خاوەن ئـەزموون وپســپۆڕيش بێ.

**هەشتەم:**

بەڕێوەبەرايەتی گشتيی كاروباری شەهيدان وئەنفالكراوان لـە پارێزگاكانی هەرێمدا:فرمانبـەرێ سەرۆكايەتيی دەكا،بڕوانامەيـەكی بـەرايی زانكـۆيی هـەبێ و،خـاوەن ئـەزموون وپسپۆڕيش بێ.ئەم بەڕێوەبەرايەتييانەی خوارەوە وابەستی دەبن:ـ

أ– بەڕێوەبەرايەتيی كاروباری شەهيدان.

ب– بەڕێوەبەرايەتيی كاروباری ئەنفالكراوان.

ج– بەڕێوەبەرايەتيی ئيدارە وزاتييە.

د– بەڕێوەبەرايەتيی ژمێرياری.

هـ– بەڕێوەبەرايەتيی لێوردبوونەوە.

و– بەڕێوەبەرايەتيی راگەياندن وپێوەنديكاری.

ز– بەڕێوەبەرايەتيی كاروباری ياسايی.

**ماددەی چوارەم**:دەستەی گشتی بۆ بەڕێوەبردن و وەبـەرهێنانی داهاتـەكان خـاوەن كەسـايەتی مەعنەوی وسەربەخۆيی دارايی وكارگێڕيە،فەرمانبـەرێك بەپلـەی بەڕێوەبـەری گـشتی سەرۆكايەتی دەكات وبەڕێوەی دەبـات كـە بڕوانامـەی بـەرايی زانكـۆيی بـە دەسـت هێنابێت وخاوەن لێزانی وپسپۆڕی بێت.

ئــــــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی پێنجەم**: دەستە بوودجەیەکی سەربەخۆی دەبێت کە چاوگەکانی ئەمانەی خوارەوەن:ـ
**یەکەم:** بەخشینی ساڵانەی حکومەتی هەرێم.
**دووەم:** پێدان وبەخشین وبارەبوەکان.
**سێیەم:**داهاتە داراییەکانی دەستە.
**چوارەم:**دەسکەوتی چالاکیەکانی وەزارەت ودەستە.
**پێنجەم:**ئەوەی لە پرۆژە وەبەر هێنانەکانی دەست دەکەوێت.
**شەشەم:**داهاتی پسولەی یانەسیب بەمەرجێك بە یاسا رێکبخرێت.
**حەوتەم:**بەرکەوتی وەزارەت لە قـەرەبوەکانی حکومـەتی فیـدراڵی لـەو زیانانـەی بـەر کوردستان وهاوڵاتیانی کەوتوە لە ئەنجامی هەڵمەتەکانی ئەنفال وبـەکار هێنـانی چەکی کیمیاوی.

**ماددەی شەشەم**:دەستە ئەنجومەنێکی کارگێڕی دەبێت کەسەرپەرشـتی سـەرجەم چـالاکیەکانی کارگێڕی ودارایی وهونەری دەکات وبەتایبەتیش ئەم کارانە دەکات:ـ
**یەکـــەم:**کـارکردن بـۆ بـەرەوپێش بردنـی کـاری دەسـتە وپێـرەوە کـارگێڕی ودارایـی وهونەریەکانی.
**دووەم:**دانانی سیاسەتی گشتی بـۆ بـەڕێوەبردن ووەبـەرهێنانی موڵـك وسـامان وداهاتـەکانی دەستە بە پێی ئامانجەکانی وەزارەت.
**سێیەم:**دان نان بە بوودجەی ساڵانەی دەستە وحیسابە کۆتاییەکانی وهەموار کردن لەسەری.
**چوارەم:**رەزامەندی لەسەر گرێبەست وپەیمان وپابەندیە داراییەکان لە چوارچێوەی بوودجـەی پەسەند کراوی دەستە.
**پێنجەم:**پەسەندکردنی میلاکی دەستە.
**شەشەم:**لێکۆڵینەوە لەو بابەتانەی وەزیر دەیخاتە روو.
**حەوتەم:**ئامادەکردنی راپۆرتێکی ساڵانەی گشتگیر سەبارەت بە کاری دەستەو چـالاکیەکانی بۆ بەردەم وەزیر وپاشان رەوان کردنی بۆ ئەنجوومەنی وەزیران.

**ماددەی حەوتەم**:ئەنجومەنی کارگێڕی دەستەپێك دێنێت لە:ـ
ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
أ– سەرۆکی دەستەی گشتی بۆ بەڕێوەبردن ووەبەرهێنانی داهاتەکان / سەرۆك.
ب– بەڕێوەبەرە گشتی یەکانی وەزارەت /ئەندام
www.mojkurdistan.com

ج– بەڕێوەبەری كاروباری یاسایی /ئەندام وبڕیار نووسی ئەنجوومەن.
د– دوو شارەزا لـەلایەن وەزیرەوە پالێوراون كە خاوەن شارەزایی وپسپۆرین لە كاروباری دارایی وئابووریدا.

**ماددەی هەشتەم**:ئەنجومەن بەلانی كەم یەك كۆبوونەوەی مانگانە ئەنجام دەدات و وەزیـر یـان سەرۆكی دەستەی گشتی بۆیان هەیە بانگەشە بكەن بۆ كۆبوونەوەیەكی نائاسایی.

**ماددەی نۆیەم**:بڕیارەكانی ئەنجومەنی كارگێڕی كاریان پێدەكرێت پاش پەسەندكردنی لەلایـەن وەزیرەوە.

**ماددەی دەیەم**:

**یەكەم**:وەزارەت ئەنجومەنێكی راوێژكاری دەبیَ،لەمانە پێك دێت:ـ
أ– **وەزیر**: سەرۆك.
ب– **بریكاری وەزارەت**:ئەندامەو،لە دیارنەبوونی وەزیردا سەرۆكایەتی ئەنجومەن دەكا.
ج– **بەڕێوەبەرە گشتییەكان**: ئەندامن.
د– **یەك راوێژكار**،وەزیر دیاریی دەكا: ئەندامە
هـ– **نوێنەریَ**، لە هەریەكە لەم وەزاەرتانە: (**تەندروستی ، پەروەردە ، كاروباری كۆمەڵایەتی ، پێشمەرگە ، دارایی، ئاوەدانكاری ، رۆشنبیری ، ناوخۆ وكاروبـاری ناوچـەكانی دەرەوەی هـەرێم وفێركـردن بـالاو لێكۆڵینـەوەی زانیـستی**)بەمـەرجیَ پلـەیان لــە بەڕێوەبەری گشتی كەمترنەبیَ.

**دووەم**:كاری تایبەتی ئەنجومەن ئەوەیە،راسپێری پێشكەش بەوەزیر بكا،راسپێرییەكەش ئەگـەر وەزیر تەسدیقی بكا،سیفەتی بڕیاری وەزاری وەردەگریَ.

**ماددەی یازدەم**:

**یەكەم**:ئەركوفرمان وكارەتایبەتەكانی وەزارەت وپێكهاتەكانی بە پیڕۆ دیاردەكرێن.
**دووەم**:وەزیــر بــۆی هەیە،بەڕێوەبەرایــەتی یــان بــەش یــان هۆبە،لــە پێكهاتــەكانی وەزارەتەكەدا،بەپێی پێداویستی كارو لە كاتی زەروورەدا،بكاتـەوە یـان یـەكیانبخا یان ئیلغایان بكات.

ئـــــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**سێیەم:**وەزیر بۆ بەجێ گەیاندنی هەر ئەرکوفرمانێکی وەزارەتەکە،کەلە مـاددەی دووەمـی ئەم یاسایەدا هاتووە، بۆی هەیە لیژنەگەلی هەمیشەیی یان کاتی پێك بهێنێ.

**چوارەم:**وەزیر،بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ بـە ئاسـانی جێبـەجێکردنی حوکمـەکانی ئـەم یاسایە،دەربهێنێ.

**ماددەی دوازدەم**:

وەزیر،بۆی هەیە،پاش وەرگرتنی موافەقەتی سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیران،لەگـەڵ کەسانی تەبیعی ومەعنەویی وخاوەن ئەزموون و پـسپۆری نـاوەو ودەرەوەی هەرێمـدا گرێبەستی سازبدات،بۆ ئەنجامدانی ئەرك وفرمانێ کە پێیان دەسپێردرێ، لە ماوەیەکـدا کـە خـۆی بـە لـەباری بزانێ،بەمەبەسـتی وەدیهێنـانی ئامانجـەکانی وەزارەت، مـاف وئیلتیزاماتیشیان،وەزیر خۆی دیاریان دەکات دوای رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران.

**ماددەی سیانزەم**:

**یەکەم:**یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی ١٩٩٧،ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق،یاسـای دەزگـای شـەهید، وبریارەکـانی ژمـارە ١٨٦لـە ١٩٩٩/٦/١٩ و ١٢٦لـە ٢٠٠٠/١٠/١٧ و ٢٢ لە ١٢ی کانونی دووەمی ٢٠٠٥ی ئیـدارەی سـلێمانی پووچەل دەکرێتەوە.

**دووەم:**هەموو مـەوجودات وکارمەنـدانی دەزگـای شـەهید وبەرێوەبەرایـەتی گـشتی ئـەنفال ،لەگەڵ هـەموو ئیلتیزامـاتی دارایـی ومەعنـەوی قەرزەکانیانـدا دەگوازرێنـەوە بـۆ وەزارەت.

**ماددەی چواردە**: هەر دەقێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا نەگونجێ، ناخرێتەکار.

**ماددەی پانزدە**: دەبێ ئەنجومەنی وەزیران ولایەنـە پەیوەندیـدارەکان حوکمـەکانی ئـەم یاسـایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی شانزدە**:ئەم یاسایە،لە رۆژی دەرکردنیـەوە دەخرێتـەکارو لـە(وقـایعی کوردسـتان)دا بلاودەکرێتەوە:

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عیراق**

لە رۆژی ( ٢٠٠٦/١٠/١٦)ی زایینی لە هەولێر دەرچووە
بەرامبەر ٢٤ / رەزبەر/٢٧٠٦ ی کوردی

ئـەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**هۆکارەکانی دانانی ئەم یاسایە**

ئەمرۆ،ئەگەر گەلی کوردستان مافی شانازیی بە سیستەمی سیاسی ودامودەزگای دەستووری ئێستای خۆیەوە بکا، ئەوشانازییە،هی ئەو کەسانەیە کە بۆ وەدەستهێنانی ئەم دەسکەوتانە ژیانی خۆیان بەخت کرد ومێژووی پڕ ئیفتیخاری گەلەکەمانیان دروست کردو،ڕێگای ئایندەیان بۆ رۆشن کردەوە،ئەوانەش،شەهیدەکانی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستانن.جا،بۆ وەفاداری و،رێز لە قوربانیان و،تەقدیرکردنی شان وشەوکەتیان،هەر دەبوو لایەنێکی پسپۆر پەیدا بکرێ،ئەرکی ماف و رێکخراوە وبەدواچوون وجێبەجێکردنی ئەو وەفا ورێزو تەقدیرە،بگرێتە ئەستۆو، کاروباری ئەو کەمئەندامانە رەچاو بکا،کە لە خەباتی ناو ئەم بزووتنەوەیەدا،دووچار بوون،هەر لەبەر ئەوەشە کە ئەم یاسایە دانرا.

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com